**هاوڕێیان : گۆران , شلێر , ڕزگار**

**کاتی هەڵسووڕان و بە ئەنجام گەیاندنی کاری ماڵپەڕی "دەنگەکان " تان باش**

**لەم ماوەیەدا پیرۆزباییەکان و بەسەر کردنەوە و ڕێزنان لە یادی سێ ساڵەی ماڵپەڕەکەتان , پێزانینی ئەرك کێشان و ماندوو نەبوونی ئێوەی جارێکی تر لە لایەن بەشێك لە خوێنەرانەوە , بۆ هەموو لایەنگرانی دەنگەکان و کۆمەلاٌنی خەڵك خستەوە بەرچاو . منیش وەك خوێنەرێك و دڵسۆزێك پیرۆزبایی و سوپاس گوزاریم لە چالاکی بەردەوامتان بۆ بردنە پێشەوەی ماڵپەڕەکە و نزیك کردنەوەی هەرچی زیاتری لە نووسەران و شاعیران و هونەرمەندان و هەموو کەسێکی پێشکەوتنخواز , دەنێرم و دەیخەمە تەك کاروانی ئەو نامانەی کە تا ئێستا گەیشتووەتە لاتان . من لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستی هاوڕێیانەم بۆتان , ئەم دەرفەتە دەقۆزمەوە و داخوازییەکانم لە دوو خاڵدا بەرجەستە دەکەمەوە و وەك پاشکۆی ئەم چەند دێڕەی کە نووسیومە دەیخەمە بەردەم سەرنج و تێڕوانینتانەوە : 1- بە چەپ کردنی هەرچی زیاتری ماڵپەڕەکەتان و کردنی بە بنکەی هەرچی زیاتری بیرە دەرەوشاوەکان , بە ئەرکێکی ڕۆژانەی سەر شانتان و خواستێکی سروشتیی خۆتان و یارمەتی دانێکی گرنگی هێزە ڕادیکالەکان و بەشداری کردنێکی سەرومڕی کێشمەکێشە سیاسی و فکری و کۆمەلاٌیەتییەکان دەزانم . ئەمەی کە تا ئێستا "دەنگەکان " لەم پێناوەدا کردوویەتی , چەند زۆر بێت و چەندیش جێگای پێزانین بێت , هێشتا تینوێتی ئێمە ناشکێنێت و چاوەڕوانیی زۆر زیاترمان لەو بارەیەوە هەیە . 2- ڕێگە دان و دەرگا کردنەوە لە بەردەم نووسین و ڕەخنە و پلمیکە سیاسی و ئەدەبییەکان و گرنگی دانی سەرومڕ بە هێنانە دەرەوەی هەموو جۆرە هونەرێکی مرۆ دۆست و خاوەن تەکنیکی شیاو و بردنە پێشەوەی زیاتری ئەدەب و هونەری مندالاٌن و . . . هتد, کە کاری ڕۆژانەی خۆتانە و هەموو کاتێك بە پێی توانا و دەرفەت بە دەمیەوە هاتوون و دێن , وەرچەرخانێکی فکریی زیاتر و گیانێکی حەماسییانەی زیاتری دەوێت . یانی لە گۆشەیەکیدا دەبێت تا بۆتان بکرێت , کەمتر خۆتان بە خاوەنی ماڵپەڕەکە بزانن و خوێنەر لە خاوەنداریێتی بۆ ماڵپەڕەکەتان نزیکتر بکەنەوە .**

**ئیتر بە گەرمی دەستی خەبات کارانەتان دەگووشم**

**هاوڕێتان بژار**

2005-06-13

---

**برای هێژام کاک گۆران**

**گەرمترین و جوانترین ڕێزوو سلاٌوم هەیە بۆتان و جوانترین و ناسکترین چەپکە گوڵی پیرۆزبایتان پێشکەش دەکەم و هیوای بەرەوپێشچوونی زیاترتان بۆ دەخوازم، هیوادارم هەمیشە ماڵپەڕە قەشەنگ و رازاوەکەتان لە گەشەسەندندابێت و مینبەرێکی ئازادبێت بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و رەنگە جیاوازەکان و خزمەتکردنی رۆژنامەگەری ئەلەکترۆنی کوردی.**

**هەرشادو سەرکەوتووبن**

هیوادارم دەنگەکان هەمیشە دەنگی زوڵاڵی ئازادی و دیموکراسی بێت

براتان

عومەر کەریم بەرزنجی

سلێمانی2005/6/18